ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس


ZAGROS WEBSITE

**پرۆفیسۆر نعۆم چۆمسکی لەنوێترین گفتوگۆیدا:**

# من بەدووری نازانم کە نیوەی ئەو قەسابخانانەی لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا لەجەزائیر ڕوویانداوە، فەرەنساو موخابەراتی فەرەنسا ئەنجامی دابێتن

**ئا: ڕاپۆرتی واشنتۆن[1] - ژمارە دوو، ٢٠٠٥/٤/١٥**

**و: هاوژین عومەر**



نعۆم چۆمسکی لەساڵی ١٩٢٨ لەشاری فیلادلفیای ویلایەتی پەنسلڤانیا، لەخێزانێکی ڕەوەندی جولەکەی رووس لەدایکبووە، لەزانکۆی پەنسلڤانیا زمانەوانیو بیرکاریو فەلسەفەی خوێندووەو هەر لەوێ بڕوانامەی دکتۆرای لەزانستی زمانەکاندا بەدەستهێناوە.

هەر لەساتەوەختی بەدەستهێنانی بڕوانامەکەیەوە تا ئێستا، چۆمسکی لەپەیمانگای ماساچوسێتس بۆ تەکنۆلۆجیا (MIT)، کەبەیەکێك لەدامەزراوە فێرکارییە هەرە بەناوبانگەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکان دادەنرێت، وانە دەڵێتەوە. ئەو بەگرنگترین زانای هاوچەرخ لەبواری زمانەوانیدا دادەنرێت، بەڵام بواری زانستی بەبواری هەرەگرنگ لەژیانی ئەودا دانانرێت، بەسە بۆئەوەی بزانین کەئەو بەگرنگترینی "مونشەقەکان" لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا دادەنرێت. هەندێکیش بەوەی جولەکەیەکەو رقی لەخۆیەتی وەسفیان کردووە. کەناڵی "C NN"یش بەگرنگترینی ڕەخنەگرانی سیاسەتەکانی ئەمریکای داناوە.

لەیەکێك لەراپرسییە ڕۆشنبیرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، چۆمسکی بە یەکێك لەو سێ کەسایەتییە ڕووناکبیرییە هەرەگرنگەی سەدە هەڵبژێردراوە کە تائێستا لەژیاندان.

ئەمەی خوارەوەش دەقی گفتوگۆکەیە:

+ ڕاوبۆچوونەکانت ناسراونو بۆ ماوەی چەند دەیەیەکە ڕێزێکی زۆریان لەزۆرێك لە دەوڵەتانی جیهاندا بۆ دادەنرێت، بەڵام ئایا پێتوایە ئەو ڕایانەت هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەبێت؟

- ئیدارە جیاجیاکانی ئەمریکاو ئەندامو فەرمانبەرەکانیان لە خوێنەرانی من نین، خوێنەرانی من بریتین لە بەشێکی بزووتنەوەیەکی میللیی جیهانی کە ئێستا کاریگەریی گەورەی دروستکردووە (ئەویش بەهۆی منەوە نا)، من بەشێکی بچووکم لەو بزووتنەوەیە، بەڵام (بە چاوخشاندنەوە بەمێژوودا) پەرەسەندنی بزاڤە میللییەکان وادەکات کاریگەریی گەورە لەسەر ئەو کۆمەڵە ڕێگەچارەو بڕیارانە بەجێ بهێڵێت کە فەرمانڕەوایان تەبەنییان دەکەن.

بۆئەمەو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کاریگەرییەکمان هەیە، بەڵام ئەمەش خۆی لەڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانو شتەکان بۆ کەسایەتیو بەرپرسەکانی لەشێوەی هنری کیسنجەردا نابینێتەوە، ئەو پێویستی بەوە نییە ئێمە شتێکی بۆ شەرح بکەین کە خۆی پێشتر دەیزانێت.

[1] خزمەتگوزارییەکی هەفتانەی هەواڵیی خۆڕاییە، هەموو ڕۆژانی شەممەیەك بەزمانی عەرەبیی بڵاو دەبێتەوە، هەواڵ و بەدواداچوون و شیکردنەوەکان لەناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە نمایش دەکات. "ڕاپۆرتی واشنتۆن" لەلایەن پەیمانگای ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە لەواشنتۆن، کەرێکخراوێکی ناحکومییە دەردەچێت.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

+ تایبەت بە جەنگی عێراق، ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشینەیەکی مەترسیداری داهێنا کە خۆی لە بنەمای گورزی پێشدەست (الضربة الاستباقية)دا دەبینێتەوە. بەڕای تۆ، ئایا ئەو بنەمایە وەسیلەیەکی ڕەوایە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی جیهانی ئەمڕۆ، جیهانی دوای ١١ی ئەیلول؟

- لەڕووی مەبدەئییەوە، بەوەی لەعێراق ئەنجامیدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشینەیەکی لەمێژوودا دانەهێنا، بنەمای گورزی پێشدەست لەڕووی مێژووییەوە شتێکی ڕەگداکوتراوە، گورزی پێشدەست بەردەوام بەهانەو ڕووپۆشێك بووە بۆ دوژمنکاری، هەموو ئەوانەی لەمێژوودا دوژمنکارییان ئەنجامداوە، هەمان فێڵیان بەکار هێناوە، هیتلەر لەم دەرهاویشتەیەوە هێرشی کردە سەر پۆڵەندا، ئەو وابانگەشەی دەکرد کە مەترسییەکی چاوەڕوانکراو لە پۆڵەندا بەرێوەیەو ئەڵمانیا بەرگری لەخۆی دەکات، لەو حاڵەتەی ئەڵمانیادا پێویست ناکات ئەو قسەیە بەجددی وەربگیرێت، هەمان شتیش لە حاڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لەعێراق، حاڵەتی ئەمریکی لە دژی عێراق حاڵەتێکی دوژمنکارانەی دیارەو ئامانج لێی پێشکەوتنی هیچ مەترسییەك نەبوو.

ئەوەش پێشێلکردنی سیستمی نێودەوڵەتییە، هەورەها تاوانێکیشە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهۆی هێزەکەیەوە ئەنجامیدا، لەگەڵ هەموو ئەوانەشی لە ئەنجامی ئەو تاوانەوە دروستبوون.

ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهۆی هێزە گەورەکەیەوە، پێشینەیەکی نوێ دادەهێنێت، بەردەوام ئەمەش ئسلوبی لایەنە بەهێزەکە بووە، یان ئسلوبی ئەو دەوڵەتانەی لەلایەن چەند هێزێکی گەورەوە پشتیوانی کراون. بۆ نموونە، ئەگەر ئێران بڕیاری هێرشکردنە سەر ئیسرائیلی دا، بەهۆی چەکە ئەتۆمییەکانییەوە، هەروەها بەهۆی موشەکەکانییەوە کە مایەی هەڕەشەن بۆ سەر ئێران و ئەمەش بەگورزێکی پێشدەست دانرا، ئایا دەڵێین کە ئەمە کارێکی ڕەوایە؟ بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی لێرەدا دەوڵەتە ئەنجامدەرەکان (ئێران) ڕەزامەندی ئێمەیان لەسەر نەبووە، بەڵام ئەگەر ئیسرائیل هێرشی کردە سەر ئێران لەژێر ناوی گورزی پێشدەستدا، ئەوا دەڵێین بەڵێ ئەمە کارێکی ڕەوایە، ئەوەش تەنها لەبەر یەك هۆی ئاسان، لەبەر ئەوەی ئیسرائیل لەلایەن ئێمەوە پشتیوانی دەکرێت.

+ ئێران و چەند دەوڵەتێکی تریش بە "دەوڵەتە یاخییەکان" ناسراون، ئایا بڕوات وایە کە بەڕاستی ئەو دەوڵەتانە مایەی هەڕەشە بن بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان؟ یان بەمەبەستی دروستکردنی دوژمنێك و ئەویش بۆ خزمەتکردنی چەند ئامانجێکی تر، ئەم ناوەیان لێنراوە؟

- سەبارەت بەویلایەتە یەکگرتووەکان، دەوڵەتە یاخییەکان ئەو دەوڵەتانەن کە گوێ لە فەرمانەکانمان ناگرن، نامۆترین حاڵەتیش لەمێژووی نوێدا حاڵەتی کوبایە، ئایا کوبا مەترسییە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان، یان، ئایا لەهیچ ماوەیەکدا لەمێژوودا بووەتە مەترسییەك لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان؟!

ئەو دەوڵەتەی لەناو دەوڵەتە یاخییەکاندا بوو تەنها ئەو لەناو برا، عێراقی سەددام حسێن بوو، کە لەماوەی حوکمی ڕۆناڵد ریگان داو بەمەبەستی دژایەتیکردنی ئێرانی ئیسلامیی، لەلایەن چەند کەسێکەوە کە ئێستا ئەندامی ئیدارەکەی بوش-ن، یارمەتی و چەکی پێدەبەخشرا.

ئەم پرۆسەی پۆلێنکردنەی دەوڵەتانیش هیچ نییە جگە لە بەشێك لە پرۆسەکانی پڕوپاگەندەکردن کە حکومەتی ئەمریکا ئەنجامیان دەدات.

+ بەبۆچوونی تۆ، پێناسەی ئیرهاب چییە؟

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ـ بۆماوەی زیاتر لە بیست ساڵە من لەبارەی ئیرهابەوە دەنووسم، هەر لەهاتنی سەرۆك ڕۆناڵد ڕێگان ـەوە بۆ سەر کورسی فەرمانڕەوایی، ئیدارە یەك لەدوایەکەکان و بەتایبەتیش ئیدارەی ئێستای بوش، "جەنگ لەدژی تیرۆریزم"یان وەکو میحوەرێکی بنەڕەتیی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا تەبەنی کردووە، وەسفکردنەکەی ئەو کاتەی ئیرهاب لەلایەن ڕۆناڵد ڕێگان ـەوە بەوەی "بەربەرییەتی سەردەمی نوێ، هەوڵی وێرانکردنی شارستانییەتی ئینسانی دەدات"، هەمان ئەو زمانەیە کە تا ئەمڕۆمان بەکارهێنراوە. بەڵام پێناسەکردنی ئیرهاب بەپێی یاسای ئەمریکی کە لەیەکێك لە سەرچاوەکانی سوپای ئەمریکادا هاتووەو هەروەها کە هەمان پێناسەشە لەیاسای ڕەسمیی بەریتانیادا پێناسە کراوەو دەڵێت: "ئیرهاب بریتییە لە هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی توندوتیژی (لە دژی مەدەنییەکان) لەپێناو بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی سیاسی یان چەند ئامانجێکی تردا".

ئەمە پێناسەیەکی باشە، ئەمەش ئەو پێناسەیەیە کە خۆم شەخسی بۆی دەگەڕێمەوە، بەڵام ئەم پێناسانە نە دەچەسپێنرێن و نە سوودیشیان لێوەردەگیرێت، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەگەر پێناسە ڕەسمییەکەی ئیرهاب بچەسپێنێت، ئەوا خۆی و سیاسەتەکانی دەرەوەی وادەبینێتەوە کە هەستاوە بە تەبەنیکردن و جێبەجێکردنی چەندین کاری ئیرهابی، هەربۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکان چەندین هەوڵیداوە تاوەکو پێناسەی ئیرهاب بگۆڕێت.

هەنووکە ویلایەتە یەکگرتووەکان و چەندین دەوڵەتی تریش هەندێك کار ئەنجام دەدەن کە ناویان لێناوە "کارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیرهاب"، بەڵام ئەم کارانە لەسروشتی خۆیاندا کاری ئیرهابین، هەر بۆیە پێناسە ڕەسمییە حکومییەکان بۆ ئیرهاب گرنگ نین، چونکە بەشێوەیەکی عەمەلی لەکار خراون. چەندین هەوڵی حکومی ئەمریکی دراون. بە ئامانجی زامنکردنی ئەوەی مەبەستیانە لەپێناسە تازەکەی ئیرهابداو دوورخستنەوەی ئەوەی بەدڵیان نییە تیایدا، ئالەم دەرهاویشتەیەوە من هیچ گرفتێکم نییە لەتەك پێناسە ڕەسمییەکەی ئەمریکا یان بەریتانیا بۆ ئیرهاب.

+ ئەوەی ئەمڕۆ لە جیهاندا ڕوودەدات، هەندێك بەیەکێك لەشێوەکانی "ململانێی شارستانییەکان" وەسفی دەکەن. کۆمێنتی تۆ چییە لەسەر ئەم وەسفە؟

ـ چەند دەستەیەك هەن دەیانەوێت ئەوە بهێننە ئارا کە پێی دەوترێت "ململانێی شارستانییەکان"، من بێگومانم لەوەی ئوسامە بن لادن بەو ململانێیە بەختیار دەبێت. پلاندانەرانی سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك بۆش بەجددی هەوڵی هێنانەئارای ململانێی شارستانییەکان دەدەن.

ئەگەر بڕوانینە زمانی گوتاری سیاسیی ئەو دوو کۆمەڵە، کۆمەڵی بوش و کۆمەڵی بن لادن، لێکچوونێکی گەورە دەبینیت، وەکو بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (چاکە دژی خراپە، وەستان لەبەرەی خواداو پشتبەستن پێی). هەر بۆیە هەردوولا ئارەزوویان لەخوڵقاندنی "ململانێی شارستانییەکان"ـە، بەڵام ئەمە پێچەوانەی واقیعە.

لەماوەی هەشتاکاندا (هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو)، ئیدارەی ڕێگان جەنگی لە دژی ئیرهاب بەرپاکرد، ئەوکات ئیرهابی ئیسلامیی بوونی نەبوو، بەڵام ئیرهابی کاتۆلیکی لە دەوڵەتەکانی ئەمریکای ناوەڕاست، کە دوور لە ژیاننامەی ئەمریکی سەربەخۆ بوون، بوونی هەبوو.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

کاتێك پیاوانی ئاینیی کاتۆلیك دەستیانکرد بەداواکردنی مافەکانی هاووڵاتییە هەژارەکان، کرێکارو جووتیارەکان، بەپێچەوانەی ئەو ترادسیۆنەی لەڕووی مێژووییەوە پێشتر باوبوو بۆ خزمەتکردنی چینە دەوڵەمەندەکان و بەرژەوەندییەکانیان، ئەمریکا لەژێر ناوی "جەنگ لەدژی ئیرهاب" جەنگێکی بەرپا کرد.

ساڵی ١٩٥٨ ساڵێکی زۆر گرنگ بوو لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ئەوساڵ ئیدارەی ئیزنهاوەری سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، (٣) قەیرانی سەرەکی لە جیهاندا دیاریکرد.

یەکەمیان بریتیبوو لە ئیندۆنیسیا، دووەمیان باکووری ئەفریقیا، سێیەمیشیان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر حاڵەتێکیشیان پەیوەندی بە بوونی نەوتەوە هەبوو، جگە لەوەی هەمووشیان دەوڵەتی ئیسلامیی بوون، ئیندۆنیسیاو میسر دوو دەوڵەتی عەلمانی بوون و ویلایەتە یەکگرتووەکان یارمەتیی شانشینی سعودییەی دەدا لەدژی میسر، کە لەنێو دەوڵەتە عەرەبییەکاندا پێشەوایەتی ڕەوتی عەلمانی دەکرد.

ئایا ئەمە بەهۆی ململانەی شارستانییەکانەوە بوو؟ نەخێر، ئەوە لەپێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندییە ئەمریکییەکاندا بوو بەو شێوەیەی ئەوکات ئیدارەی ئەمریکا دەیبینی. ئیدارەی ئەمەریکا پشتیوانی سۆهارتۆی دیکتاتۆری کرد کە نزیکەی یەك ملیۆن هاووڵاتی ئیندۆنیسیای کوشت.

لەحاڵەتی سێیەمیشدا قەیرانی "سەربەخۆبوونی جەزائیر"، ئەوەی پێویستبوو لەپێناو نەهێشتنی شوێنەوارەکانی سەربەخۆبوونی جەزائیردا، فەرەنسا پێی هەستا، ئەویش بەئامادەبوونێکی موخابەراتیانەی قەبە لەدوای چوونەدەرەوەی سوپاکەی، من بەدووری نازانم کە نیوەی ئەو قەسابخانانەی لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا لەوێ ڕوویانداوە، فەرەنساو موخابەراتی فەرەنسا ئەنجامی دابێتن.

ئەم نموونانەو نموونەی تری جگە لەمانیش بەڵگەنین لەسەر "ململانێی شارستانییەکان"، بەڵکو بەڵگەی چەند شێوازێکی سیاسییانەی هێزە گەورەکانن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان.